# یادی هه ڵەبجه له سویسرا به رز راگیرا

ئێوارەی 16.3.2007 له شاری ستگاڵن  له بنکەی کابی یادی هەڵەبجه بەڕێوە جوو،
سەرەتای یادەکه به داگیرسانی مۆم ودەقیقەیەک وەستان بۆرێزلێنان له قوربانیانی ئەم کارەساته دەستی پێکرد. به شی یه که می یادەکه وتاری لایەنەکان  بوو ،
وتاری حیزبی کۆمونستی کرێکاری عێراق له لایه ن نەبەز سه لیم سکرتێری کۆمیته ی سویسرای حکک  وه خویندرایه وه ، له به شێکی وتەکەیدا وێڕای هاوخەمی حیزب له گه ڵ
خه ڵکی هەڵەبجه و کوردستاندا ئیدانکردنی ئەو تاوانه ،هاته سه ر ڕێگه چاره ی پێشنیارکراوی حیزب بۆ ڕێگه گرتن له دووباره نه بونەوه ی هه ڵەبجەیەکی تر به سه ر خه ڵکی کوردستاندا و جیابونه وه وپێکهێنانی دەوڵەتێکی غەیره قەومیی غەیرەمەزهەبی .

پاشان ووتاری ڕێکخراوی دژی نەژاد پەرستی له سویسرا له لایەن ئەبونەوروز خوێندرایەوه ، له وتەکه یدا وێرای هاوخەمی خۆیان، هاوپشتی خۆیان بۆ خەباتی خەڵکی کوردستان
راگه یاند و ئیدانەی ئەو تاوانه گەورەیەیان کرد ، ئومێدیان خواست که چیتر تاوانی لەوجۆره دوباره نەبێتەوه .
وتاری کۆنگرەی ئازادی عێراق له لایه ن سه ردار حامید خوێنداریەوه له به شێکی ووتەکەیدا وێڕای هاوخەمی کۆنگرەی ئازادی له گەڵ خه ڵکی کوردستان وه زەرورەتی دادگایی کردنی تەواوی ئەو دەوڵەت و لایەن و کۆمپانییانەی که دەستیان هه بووه له پێدان و دروستکردنی
ئەوچەکه قەدەغەکراوانه به دەوڵەتی فاشستی بەعس وه سرینەوەی هەمووئاسەوارەکانی ئەو چەکانه له سەر خەڵک وژینگەی ناوچه که.
بەشی کۆتایی یادەکه گفتوگۆی ئازاد دەستی پێکرد له سەر داهاتوی خەڵکی کوردوستان وعێراق و ڕێگه چاره بۆ کێشه ی خه ڵکی کوردستان .

**کۆمیتەی یادکردنەوەی کارەساتی هه لەبجه له سویسرا**
17.3.2007

www.wpiraq.net
www.cabi-sg.ch
www.ifcongress.com


WORKER
COMMUNIST PARTY
OF IRAQ
PACE


Irakischer
WCPI


OF IRAQ


WORKER
COMMUNIST PARTY
OF IRAQ

